

# ماموٚستا هێمن، شاعیری کۆماری کوردستان

## له گرتوخانه‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا

حه‌سه‌ن ئه‌یوبزاده

له پێش هه‌موو شتێکا چونکو کوردم چۆله‌که‌ی ناو هه‌زاران داوی وردم - عبدالله گۆران
کوردایه‌تی له پارتایه‌تی جیایه: هێمن
رووپه‌رێکی مێژووی حدکا

رۆژ پرچی زێرینی له دۆڵ و ده‌ره‌ی گونده‌کانی ده‌شتێو، نواوێ و ناوه‌ندی دۆڵی دێموکرات هه‌ڵده‌وه‌زنێ و به لاشانی رووتی به‌رزاییه‌کانی زمزیراندا شۆڕده‌کاته‌وه. کاروانی په‌ڵه هه‌وری سپی به‌سه‌رسوڕماویی، رێی قه‌ندیلی مامه‌کۆییانی گرتووه‌ته به‌رو تاق و لۆق، به‌ره‌و به‌رزایی زنجیره کێوه‌کانی زمزیران په‌لده‌کوتن.

زه‌رده‌په‌ڕه. جووتێ قاڵاو پاش چینه، قوته‌قوت وبازبازوکێ به‌سه‌ر خۆڵه‌مڕه‌ی پانه‌رێی گوندی نواوێ - ده‌شتێدا باڵه‌کانیان بۆ فڕین خاوکێش ده‌که‌ن و به سیله‌ی چاو له یه‌کتر ده‌روانن. شه‌وبای* خه‌یاڵێکی ڕمۆکی نهێنی ره‌پێچه‌کیان ده‌دا و له‌شه‌قه‌ی باڵیان‌ده‌ده‌ن. یه‌کیان به‌ره‌و لێڕه‌واری چڕوپڕی ده‌وروبه‌ری گوندی وه‌رگێڵ و ئه‌وی‌دیکه‌ش به‌ره‌و به‌رزاییه‌کانی پشتی نواوێ ده‌فڕن و له چاوان نه‌دیو ده‌بن.

ئاپۆره‌ی به ملیۆن ته‌پۆکوێره، به ته‌شقی پانه رێیه‌که‌وه خۆناگرن. کزه‌بایه‌ک رایان ده‌دا، پۆڵپۆل، لێک‌ده‌هاڵێن و له‌پنجاڕان ده‌نیشن. پاساریی ئه‌و دۆڵ و ده‌ره‌یه، به دوو داره به‌ڕووی قه‌راخ راسته رێیه‌که‌وه گیرساونه‌وه و به‌ر له ئاوابوونی رۆژ، ئاخر شانۆی زۆربلۆیی خۆیان کۆتایی پێدێنن. ده‌مێک دواتر جریوه وقریوه‌یان له‌ژێر خێوه‌تی ره‌شی شه‌ودا به‌ره‌به‌ره له کزی ده‌دا و بۆ خه‌وێکی خۆشی دوور له بقه، کپ و کڕ ده‌بن.

تاریکایی که دادێ، له‌و ئاقاره‌دا، جیا له سیڕه‌ی سیسره و وزه‌وزی ته‌پۆ* و فڕینی جارو باری کونده بوو، خشه‌ی مشک وبازبازۆکێنی بۆقه شینکه، هیچی دیکه نابیسترێ. ئه‌و شه‌وانه‌ی که مانگ ئاخڵه‌ی داوه، له‌دوور تاق تاقکه‌ره‌یه‌ک به دنگی دوورئه‌نگێوی، هه‌وێرده و قیژقیژۆک و حه‌وت ره‌نگیله‌ی خۆشخه‌وی له هێلانه تۆراو، ڕاده‌چڵه‌کێنێ.

ئێره لێره‌واری خه‌ون و خه‌یاڵی داره‌که‌وت و به‌ڕوی خاسه و قه‌زوانێ بۆنداره. ده‌نگ و ره‌نگ و سۆز و هه‌ستی هه‌ربوونه‌وه‌رێک به قه‌ڵه‌می نیگارکێشی سروشت به له‌شی داره که‌وته‌وه نه‌خش ده‌کرێ.

کۆمپرێسی‌یه‌ک له بستووی خواره‌که و پێچه‌که‌ی گونده چه‌ند ماڵییه‌که‌ی ده‌شتێو به‌ره‌و نواوێ له‌گه‌ڕدایه. ئه‌و ماشێنه به ئاراميی تا 200 میتریی بنکه‌ی کۆمیسیونی قه‌زایی(دادوه‌ریی) "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" نزیک ده‌بێته‌وه. ناڵه‌ناڵ و زیل و به‌می کۆمپرێسیی له ژێر باره قورسه‌که‌یدا، جوره پۆپنه، هه‌وێرده وقژک له ده‌وروبه‌ری راسته‌رێیه‌که ڕاو ده‌نێ. ده‌میک دواتر ئه‌ویش ده‌کشێته نێو کپ‌وکریی ئه‌و مه‌ڵبه‌نده‌و له هاتوهاوار ده‌که‌وێ.

کاک عه‌زیز ... پێشمه‌رگه‌ی کومیسیونی دادوه‌ریی حیزبی دێموکراتی کوردستان له به‌ر ده‌رگای باره‌گاکه راوه‌ستاوه و به دووربینه‌که‌ی له و کۆمپرێسییه ده‌ڕوانێ.

به‌ده‌گمه‌ن ماشێنی بارهه‌ڵگر به‌و چه‌پره‌که رێیه‌دا تێده‌په‌ڕێ. واهه‌یه مانگێ جارێک یان دوو، ماشێنێکی بارهه‌ڵگر بێده‌نگیی شیو، زوورک، خڕ و لاپاڵی ئه‌و مه‌ڵبه‌نده ده‌شێوێنێ.

کاک عه‌زیز... له‌به‌رخۆیه‌وه:
تۆبڵێێ ئه‌و ماشێنه باری بۆ حیزب هێنابێ؟ ئه‌ی بۆ به‌و بوولێڵه*؟ دڵه خورپه‌یه‌ک ده‌یهه‌ژێنێ و به‌په‌له به‌ره‌ودوا ده‌کشێ. تاوده‌داته دووربینه‌که‌ی و له لێخوری کۆمپرێسییه‌که و هاورێکانی ده‌روانێ که له ماشێنه‌که دابه‌زیون و بای‌باڵیان ده‌ده‌ن.
کاک عه‌زیز له به‌رپرسی قه‌زایی که له سوورایی ئاسۆو له ته‌پوتۆزی خه‌ست و پشووگری ماشێنه‌که ڕاماوه، به‌ده‌م تێڕوانینه‌که‌یه‌وه، به‌ده‌نگێکی نزم پرسیار ده‌کا:
- گه‌وه‌ره‌م! رێی‌بده‌م به‌ره‌و ژوور بچێ؟

بێ ئەوە لەسەر وەلامی پرسیارەکەی ڕابوەستێ، جارێکی دیکە بە دووربینەکەی لە کۆمپرێسییەکە دەڕوانێ و دەڵێ:
نا، ئەوە عەلی ئازا* پێشمەرگەی کومیتەی شارستانی مەهابادە. کەسێکی باریک و بنێسیش خەریکە بە پەیژەی تەنیشتی ماشێنەکەدا شۆڕدەبێتەوە.
عەلی ئازا بێ ئاوڕدانەوە لە هاورێکانی، بەرەو بارەگاکەی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە پاناوک و گۆڕایی لاقەدی گوندی نواوێ تێدەپەڕێ و بە شێنەیی لە هەورازەکە سەردەکەوێ. دەستێک بە دەراخەکانی بەرپشتوێن و دوو نارنجۆکەکەی ئەملاولای سەر پشتوێنەکەی و ئاغزوونەی قایشی دەراخەکانیدا دێنێ. چوست و چالاک، کلاشینکۆفەکەی سەرەوخوار لەشانی توونددەکا. سمێلی قیت و برۆی تێکسڕماوی هەڵدەتەکێنێ و بە پشتی دەست، دەم و لێوی دەسترێ. وردە کۆخەیەک و گەرمەسلاوێکی بۆنداری تەژی لە گەرمای خۆشەویستیی بۆ حازران لەسەر لێوە.
پاکەتێکی پڕ لە نامە دەداتە دەستی بەرپرسی کومیسیۆنی قەزایی و دەڵێ:
"قوربان مامۆستا هێمنیشم هێناوە. هۆوەی لەکۆمپرێسێیەکە دابەزی، ئەو شەلوارلەبەرە، هۆو سەررووتە، هەوە. هۆوە مامۆستا هێمنە!"
بەرپرسی حیزب بە بیستنی ئەو چەند دێڕەی کە بەپەلە لە دوو لێوی عەلی ئازا هەڵدەوەرێن، دەتاسێ و واقی وڕدەمێنێ. ماوەیەکی گەرەکە تا وەخۆدێتەوە... بیری دەچێتە سەر ئەو ڕووداوەی کە حیزبی دێموکراتی هەژاندووە.
مامۆستا هێمن، ڕەگەڵ لایەنگرانی کۆنگرەی چواری جیابۆوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتووە. ئەو گروپە بە دنەدانی ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران, پشتیان لە خەباتی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد. خەت و ڕێگای لە خەت و شێوەی خەباتی حدکا جیاکردووە و ڕووی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد.

بەرپرسی قەزایی حیزب، بەرەو عەلی ئازا دەکشێ. لەنێو خۆف و رجادا لە چاوەکانی رادەمێنێ و دەڵێ :
مامۆستا هێمن ؟!! شاعیری کۆمار ، بە کام تاوان؟!

علی ئازا ترسی ڕێدەنیشێ. پێیوایە زەحمەتی ئەو ڕێگە هەڵەمووتە پر لە هەڵدێر، و هەورازی هەزار بە هەزار ونشێوی ترسخولقێنی چەپەکەرێێ مەهاباد- زمزیران - سەردەشتی بە فیڕۆ چووە و دەڵێ:
" قوربان کومیتەی شارستانی مەهاباد... کاکـح ... مامۆستا هێمنی ناردووە. ئەو بەمنی گوت: دەفتەری سیاسیی دەستوری داوە...

عەلی ئازا، وتەکەی بۆ تەواو ناکرێ. هەنگاوێک دەکشێتەوەو لەژێر لێوەوە قسەکەی دەجوێ: بۆ مەگەر ئێوە ئاگادارنین؟!
بەرپرس: لە چی ئاگاداربم؟ کوا پەروەندەکەی؟ کێ دەستوەری ناردنی داوە؟ لە کوێڕا هێناوتە وبۆچی هێناوتە؟
- قوربان پەروەندەیان نەداومێ. هەر ئەوەیان بە من گوت کە عەرزم کردی. گوتیان دەفتەری سیاسیی دەستوری داوە و بەس ...
دەفتەری سیاسیی؟! ئەگەر دەفتەر داوای لە کومیتەی شارستان کردووە، بۆ چێ نامەیەکیان لەگەل نەناردووە؟ کارێکی ئەوتۆ... چۆن ڕێی تێدەچێ؟ بە کامە تاوان؟

تۆ بڵێی کەسێک هەبێ و نەزانێ کە هێمن شاعیری کۆماری کوردستان و خۆشەویستی دامەزرێنەری ئەو کۆمارە بووە؟! دەلوێ کەسێک بڕیاری گرتنی هێمن بدا و نەزانێ هێمن کێیە؟
کێ ئەو غەدرەی لە هێمن کردووە؟ هێمنی دەساڵ پێشمەرگەی ڕووت و برسی و تامەزرۆی بیستنی تاقە خەبەرێکی ئازیزانی." پیرو زورهانێکی کە ئێستاش دڵەکەی هەردەیەوێ..."
ئاخ! ئەوە کێیە کە زمانی چزووی دووپشکە و لە لەشی سڕ و ساردەوەبووی هێمنی ڕۆ کردووە کە بەدرێژایی ژیانی بۆ گەل و بە یادی خۆشەویستانی گەل ژیاوە.

شێعری سووڕی دەورانی دێتەوە یاد. لەبەرخۆیەوە دەڵێ:
شاعیری ڕاستەقینە حاڵ و دادێ دەبینێ. هی وا هەیە وەکو مەردوخ ڕۆژی مەرگی خۆی دیاری دەکا و هی وەکو هێمنیش حاڵ و وەزعی خۆی لە" سووڕی دەوراندا" بە دەست نەیاریەوە دەبینێ :

لە نێو شۆفارەکاندا خواجەیەک بوو عەجەب زیانی خورۆ و پیرە سەیەک بوو
ئەمیر بۆ پاسی نیو ماڵی کڕیبوو نموونەی پیاوخراپی و دەمشڕیی بوو
کە زیبک و غیرەتی مێریی نەدیبوو کە خۆشیی پیاوەتیی و نێریی نەدیبوو
دەروونی پرگریمانە و حەسەد بوو هەتا حەزکەی بەخیل و شوم و بەد بوو
چ ناپیاون ئەوانەی سوود پەرستن دژی خاوەن دڵی شەیدا دەوەستن
چ سپڵەن ئەو سەگانەی گورگە مێشن کەلاک بۆ گورگی برسی رادەکێشن

قەڵایمیرانبەدەس ناکەس دەنەخشێ      کە " دار هۆرەی لەخۆی بێ زوو دەقەڵشێ"

ئەگەرخوێری نەکا میللەت فرۆشیی      لە خۆی نابینێ زاڵم خێرو خۆشیی
ئەگەر ئەسپی غەرەز ناوێ قەڵەمباز      بگاتە جێی وەزیرێ رەنگە سەرباز
کە فیل و رووخ نەکەونە کلکە سووتە      مەلیک ماتە بە دەستی پیادە رووتە
بە منئەو هێرش و زەبرو زوڵم و زۆرە      بەشی زۆری گوناهی مفتە خۆرە
کەسێکی چێژی ئازادیی بچێژێ      لەوەی باکی نییە ئارەق برێژێ
هەمیشە وایە کاری پیاوی نامەرد      کە سوودی خۆی دەکا تەنیا بەراوەرد
خەلک تووشی بەڵایە بێ جەهەننەم      کە ئەو گیری کەوێ دینارو دەرهەم
هەتیوبار سووک نەبێ باباری قورسی      نەێیتەخوار جەنابی ئەو لە کورسی
بەویچی چی بەسەردێ پیاوی بێکەس      کە ئەو پارەی دەوێ و پارەی دەوێ و بەس
بەوی چی ماڵی خەلکی بێخودان بێ      کەماڵە جوانەکەی ئەو ئاوەدان بێ
بەکوشتن دا خەلک ئۆردوو بە ئوردوو      پەکی پێناکەوێ ویژدانی مردوو
بەجێم هێناوە ئەرکی بەندەگیی خۆم      تەماڵم دیتەوە، من نۆکەری تۆم
دەرونی پیاوخراپانە شەوە زەنگ      کە داخنری بە بوغزو کینە و ژەنگ
لەکۆشک و گرتووخانەی دەرکە بەستە      یەکێک مەستە هەزاران زارو خەستە
لە کوێ دڵداری پاکی چاکی ساکار      دەزانێ فێل و مەکری پیاوی زۆردار

خۆی بە خۆی دەڵێ: بڕوانە د. قاسملوو چی بۆ هێمن نووسیوە:

" هێمن نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێ، لەوەش زیاتر نەتەوەکەی دەپەرستێ. بەلام ڕقیشی لە هیچ نەتەوەیەکی دیکە نییە... بەڵکو بەشەردۆستیی، یەکێک لە سروشتەکانی تایبەتیی شێعری هێمنە."
هێمن... پێشەوا قازی خۆش دەوێ، چونکە لە نزیکەوە دەیناسی. پێشەوا بۆ ئەو، ئەو کەسایەتییە سیاسیی -فەلسەفییە-کۆمەڵایەتییە بووە:
زانا بوو، کوردپەروەر بوو پێشەوا بوو ، رابەر بوو
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو خەمی خەلکی لەبەر بوو
دادوەرەکەی حیزب دێرەکانی رێبەری ئازادیخوازانی کوردی دێنەوە بەرچاو :
" فەلسەفەی ژیانی هێمن ئەوە نییە کە دانیشێ و لەدوورەوە تەماشای ژیان و خەباتی گەل بکا و بۆ خۆی، یان بۆ گەلی شێعر بلێ. هێمن ئەو ئەسڵەی قبوڵ کردووە کە ئەرکی شێعری شاعیری گەلێکی زۆرلێکراو، تەنیا لێکدانەوە و خستنەناو هۆنراوەی تەبیعەت و جوانیی نییە... بۆیە هێمن تەماشاچی نییە و ناتوانێ تەماشاچی بمێنێتەوە . بە هەموو هێزی خۆیەوە، بەشێعر و بە نووسین هەنگاوی ناوەتە ناو مەیدانی خەبات و تاسەر بەرەو ئاسۆی روون و تاتروپکی رزگار بوون، یاریدەی گەلی خۆی دەدا. هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیاناکرێتەوە"
با پێکەوە لە هێمن و سامانە رووحییەکەشی بروانین:
جیهانی هێمن پرە لە خەون و خولیا،جوانیی و رازاوەیی سروشت،خۆشەویستی و سۆز، هاودڵیی و هاورەنگیی و هاودەنگیی. ئەو لەو جیهانەدا ئاراو قارای نییە. دەمێک مەلی کوردستانە و سرتوخورتی لەگەل سروشتەکەی بێ بڕانەوەیە.. تێیدا هاواردەکا، دەناڵێنێ، دەچریکێنێ ماندوو دەبێ، رادەزێ، دەرواو و دێتەوە. مرۆڤدۆست و ئازادیخوازە. ساڵی گرانییەکەی ئازەربایجان و کوردستان بۆ ئەو هەرگیز فەرامۆش ناکرێ. ناتوانێ قبووڵ بکا کە هەژارانی ئازەریی لێقەوماو کە پەنایان بۆ ماڵی کورد هێناوە بە نان سەودابکرێن...
هێمن هەر شاعیر نێیە بەڵکوو ئازادیخوازێکی نەسرەوتووە. بە کردەوە بۆ ئەو ئامانجە رەوایەی و بەختەوەریی گەلەکەی، بۆ ژێنێکی ئینسانیی، بەرەو پیری مەرگ دەچێ. دوکتور قاسملوو سەبارەت بە هێمن و خەباتی سیاسییئەو نووسیبووی:
" تاقیکردنەوەی ساڵانی درێژی خەبات بە هێمنی سەلماندکە خەبات دوور و درێژە،هەوراز و نشێوی هەیە، سەرکەوتن و شکستی تێدایە. بەلام هێمن کۆڵنەدەرە... لە ساڵی 1324( 1945) وە، هێمن بە پێشوازی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتەوە چوو و دەڵێ:
لە سایەی حیزبی دێموکراتی خۆمان لە باڵدار تێپەری ئەورۆکە پێڕۆ
نەماداخ و پەژارە و ماتەم و خەم زەمانی هەڵپەڕین و بەزمە ئیمڕۆ
ئەی ئەگەر وابێ کە وایە ،تۆ بڵێی کێ ئەو ئەو ئەتکەی بە حیزبی دێموکرات کردووە و رایسپاردووە کە هێمن بگرن و بەرەو دەفتەری سیاسیی ڕەپێچەکی بدەن؟...
بەرپرسی کومیسیۆنی قەزایی وەکو شەپڵە لێدراوان بەرەو ئەو شوێنەی هێمن لێی راوەستاوبوو، وەڕێدەکەوێ و بەدەم ڕێگەوە وڕێنە دەکا. وێنەیەکی مێژوویی پێشەوا قازی محمد لە کتێبی تاریک و روونەکەیدا لەبەر چاوی خەیاڵێتی. هێمن

لەلای راست و هەژار لەتەنیشتی چەپێ دانیشتون. دوو شاعیری میللی. دوو ڕۆڵەی بە ئەمەگی گەل، لە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان و دوو یاری وەفاداری سەرکۆمارە فیداکارەکەی...

کرگار چی دەبینم؟ هێمن و زیندان؟ هێمنی ئەویندار‌ی سروشت و دژبەری داگیرکەر. هێمنی فیدایی و پێشمەرگەی کوردستان؟ هاڤاڵەکەی مام هەژار، خۆشەویستی هێدی، شاعیری ناسک خەیاڵ (خالید حیسامیی) و چەند لە دۆستانی ئازادیخواز و قسەخۆشێ کورد کە دوو کەسیان پاش گەرانەوەی هێمن بۆ رۆژهەلاتی کوردستان لە پشکاوێ و لە شاری مەهاباد لەگەلی بوون و بە دەیان بیرەوەریی خۆشیان لە هێمن لە یادە. نووسەری ئەو بەسەرهاتە بەشێک لە مەودای زەمان و رووداوگەلێ کەپێوەندیی بە دۆستانی هێمنەوە بە رابردوەوە و سەردەمی ژیانی هێمنەوە موتوربە دەکا.

مامۆستافەتتاح کاویان، دەست رەنگین و داهێنەر، خاوەنی فەرهەنگی کەموێنەی حەوترەنگی زمانی ئینگلیزی بە کوردیی، ئەدیبی نوکتەبێژ، مامۆستا عەبدوررەحمان حاجی ئەحمەدیی ئەندازیار، سیاسەتڤانی بە فەرهەنگ، وەرگێری فەرهەنگی کوردیی – "هەمبانە بۆرێنە" بە ئاڵمانیی - تەواوکردنەکەی هیمەتێکی گەرەکە- ئەندامی پێشووی حدکا و دۆستی نزیک و هاورێی دوکتور قاسملووی نەمر، مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵیی، فەرماندەری بە وەجی نیزامیی، ئەندامی کۆڕی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان لە تاراوگە کە سەربهوردەکەی، چارەنووسی " ئەلکسی مرەسیف" بە قەلەمی بۆریس. ب. پۆلەوی نووسەری بەناوبانگی روس و کتێبەکەی بە ناوی"چیرۆکی مرۆڤێکی راستەقینە" وەبیر دێنێتەوە. ئەم قارەمانە هەموو جیهان دەیناسێ. بەلام شیوەسەڵی کوڕی گەلێکی بێوڵاتی کۆیلەیە. نە جیهان گەلەکەی دەناسێ و نە خۆی بە گەلەکەی ناساندراوە. ئەمانە پرسیارگەلێکن کە لە تەتەڵەی زەینی دادوەردا سەریان هەڵداوە. ئەم وتانە بە سرتە بە گوێی کزەبایەکدا دەچرپێنێ کە بە ئارامیی بەلایدا تێدەپەڕێ:

" هەژار- هێمنەکەی جاران، ئەو دووشاعیرەن کە عەبدوللا پەشێو لە شێعرە بەناوبانگەکەیدا باسی دەکا:

" من پشتێکی بریندارم، لە قامچی خۆم راپەریوم"

هەژار- هێمن ئەو دوو لێک هەڵبڕاوە بوون کە بە وتەی هێمن ”هەڕەتی لاوەتیيان پێکەوە و لەنێو چواردیواری قورماویی و پڕ لە جۆڵاتەنەی حوجرەی کۆنە مزگەوتاندا رابواردبوو. ئەو هێمنەی کە لەچەند دێڕدا سەرپەری پێشەکیيەکەی شەرەفنامەی شەڕەفخان بە کوردیيەکەی هەژار،دەنەخشێنی:

" تەڕەساڵی وام نەدیبوو . هەوری رەش و چلکن بەربینگی عاسمانیان بەرنەدەدا . تەم لە سەران نەدەڕەوی و باران هەڵیئەدەبرینگاند. ڕۆژ نەبوو چەند رەهێڵەی توند نەهێنێ و شەو نەبوو چەند رێژنەی بەخوڕەم نەبارێ. شریخ و هۆڕی هەوران نەدەپساوە و بە بێ نێوبڕ بریسکەی دەدان. لەنگێزەو باسریشک و قوڕوچڵپاوو جلێتاو، بڕستیان لە کەڵ دەبڕی. کەویە بەفر و ڕنو هەرەسیان دەهێنا. زەوی دەجمی و رێوبان جمگەیان دەدا.

لەو بەهارە تەڕ و تووشەدا و لەو ڕۆژە گرژ و مۆنانەدا، لە بناری کێوە سەربەرزەکانی کوردستان لە بنکەیەکی پێشمەرگە ، توشی یەک هاتینەوە".

هێمنی شاعیر و پێشمەرگەی گەل بە کام تاوان دەگیرێ؟ ئەو هێمنەی کە وەکو هەژار سنوری بەزاندووە و لەگەل کوردی پەرەوازە بە هەموو جیهاندا دەگەرێ و یەک بە یەک لەگەڵیان دەگری و دەناڵێنێ:

"ژانی ناسۆڕی جودابیم چێشتووە          هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە "
"هەڵبڕاوم من لە یاری نازەنین          دەرکراوم من لە خاکی دڵنشین "
" بەکرە شۆڤارە ئەوی مۆخی چنیم          زێی* مەم و زینان وڵاتی لێ تەنیم "

بەرپرسی قەزایی و دوو پێشمەرگە ، بە پێشوازی هێمنەوە دەچن. هێمنی تووڕە بۆ بە هێندنەگرتنیان، کورتە ئاوڕیک دەداتەوە وبە پەلە، روویان لێوەردەگێڕی. خەمێکی گران لە چاوی کز و بیووازیدا هەلکورماوە. ئارەقو تۆزی رێگە چرچ و لۆچی روخسار و لاملیان پڕکردوونەوە. کەمۆکەیەک سەری وەبەرخۆی دەنێ. کەسیان ناناسێ و خۆی بە دووکەڵێ جغارەکەیەوە دەخافڵێنێ. رەنگە بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن بێزراویی خۆی لەو کردەوە دزێوەی کارگێڕانی حدکا دەربڕێ. بە هەر مژلێدانێک، دووکەڵێ جغارەکەی تا قووڵایی سییەکانی بەڕێدەکا و دەمێک دواتر بە تووڕەیی بە بایدەکا. دەزانێ کە ئەو خۆخافڵاندنە هەر تاوێکە و دەبێ کاردانەوەکەی رێک بخا. لەپڕ ڕوویان تێدەکا و بەدەنگی بەرز بەسەر بەرپرسی کومیسیۆنی قەزاییدا دەڕووخێ:

" با بێ ئێعدامم کا! ئێعدام! تۆ کوڕی جۆ ... بێ ویژدان ناردووتی. دەبێ خۆی بێ، ئێعدامم کا! من پێشمەرگەم پەژیوان کردووەتەوە ؟! من سیخورم؟! بۆ چی ناچن راپۆرتەکانی مارەدوو بۆ" بنی عامری" رەئیس پاسگا بخوێننەوە. شەرم ناکەن؟ ماڵی من کراوەتە بنکەی پەژیوان کردنەوەیی پێشمەرگە بۆ کۆماری ئیسلامیی؟ هانی هانی لەسەر منە؟ من .... نیم من هێمنم ، با بێ ئێعدامم کا!

بەرپرسی کومیسیۆن نازانێ چیبڵێ. کەوتووەتە نێو رووداوێکەوە کە ئاگای لێی نیيە. بەڵام سەرتاپای حیزب تێیدابەرپرسە. مارەدوو کوێیە؟ بنی عامری کێیە؟ هانی هانی چیيە؟

بەرپرسەکە بۆ ئەوە تووڕەییيەکەی هێمن خاو بکاتەوە، رووی دەکاتێ و دەڵێ:

هیمن شاعیری میللیی کوردە. شاعیری گەلە... ئەندامی حیزب نەبوون و خۆکێشانەوە لە ئەندامەتیی حیزبێکی سیاسیی تاوان نیيە . بەدەم رۆیشتنەوە بۆلای هێمن، بە ئارامیی لێی نزیک دەبێتەوە و دەستی تۆقەکردنی بۆ درێژدەکا.

" هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ ئیتر دەستم بە داوێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا

خاوەنی ئەو شێعرە لەبەرچاوی ئەو کەسانەی بە پێشوازییەوە چوون، کۆم و چەماوە نییە، بەڵکو سەری لە هەوران دەسوێ.
هێمن دەستێک بە لا رووومەتیدا دێنی. ئارەقی روخسار و تۆزی رێگە تێکەڵ بوون و لارووومەتی سیس و داتەکاو و پڕ لە مووی سپیی بە قۆڵی کراسەکەی دەسترێ.
چاوی کەم هێزو رەنگی هەڵپروکاو، ددانی شاش و زەرد هەلگەراو بە خڵتەی جغارە، ریشی نەتاشراوی ئاڵۆز و تۆزاویی، کراسی جێجێ پوواوی یەخە دافیچاوی پنۆک پنۆک بە رەشایی قورمی نێومال، شەلوارێکی پڕلە گنج و لۆچ بە ئارەقی لەش خووساو، جووتێ کەوشی پێنە کراوی ئاغزوونە کەوتوو، دیمەنی ئەو کورد و ئەرمەنییانە وەبیردەخەنەوە کە ترکە نە کەوییەکان بە بیابانەکانی شامدا بەرەو چۆڵگەی نەمان رەپێیان نان و بە توونێتیی و برسێتیی کوشتیانن.
تووڕیی و دەمارگرژییەکەی هێمن دەبوو چاوەروان بکرێ. کێ ئەو بڕیارەی دابوو کە هێمن بەرەو گرتووخانە راپێچەک بدرێ؟
هێمن جغارەیەک لە نێوان دوو قامکە باریکە زەردهەڵگەڕاوەکەیدا دێنێو دەبا. پەیتا پەیتا مژی لێدەدا و دووکەڵەکەی بە کونە تفنگیدا دەردەداتەوە. نێوچاوانی بە قۆڵی چڵکنی کراسەکەی دەسترێ. ماندوویی ڕێگا بڕستی لێبڕیوە. نایەوێ بە پێوە راوەستێ، تێداماوە کە بێزراویی و تووڕەییەکەی چۆن دەربڕێ.
لە خەیاڵ و زەینی بەرپرسەکەی حیزب دا هێمنو گرژیی، یەکتر ناگرنەوە. هێمنی رمودەی وەفاو دڵاوایی کە لە خانەدانێکی دەستڕۆیشتووی تێرو پڕ و ماقووڵدا ژیاوە، رێزی مرۆڤی لەبەرە، دەزانێ چۆن بدوێ... هێمن لە قوماری ژیندا سامانی دۆڕاندووە بەڵام گەل و ئامانجەکەی هەرماوە. مەولەوی گوتەنی :
"خنک آن قماربازی کە بباخت آنچە بودش
بنمناند هیچش الّا هوس قمار دیگر"
وەرگێردراو بە کوردیی
"خۆش قوماربازێ کە داینا هەرچی بووی
هیچی نەبێ هەر، مەیلی قومارێکی تر "
هێمنی دارا کە لە قوماری ژیاندا هەموو سامانی لە پێناوی کورددا دۆڕاند بوو، ناراستەو خۆ گوتبووی:
حەیفەئەودەستەکەگوڵزاری دەنەخشاند بشکێ    حەیفەئەو دەستەکە دڵداری دەگەوزاند بشکێ
حەیفەدەستێکە بە لەرزی و بە تەزیوی دیسان    دوژمنی ملهوڕی زۆرداری دەلەرزاند بشکێ
نا حەزێکی هێمن ئێرەیی پێ دەبا، ئەو شێعرەی لێ خراپ دەکاو دەڵێ:
حەیفەئەو دەستە کە سەربانی دەرەنگاند بشکێ    حەیفە ئەو دەستە کە جێ و بانی دەسوتاند بشکێ
حەیفە ئەو دەستە بە لەرزیی و بە تەزیوی هێشتا    بە قتوو پستەی خەندانی دەقرتاند بشکێ

هێمنی دژی زۆردار کە دەکەوێتە بەر هێرشی کلۆی نەیار دانانەوێنێ و بەردێکی دیکەی تێدەگرێ:
خۆزگە ئەو دەستە کە لێزانی دەلەرزاند بشکێ    خۆزگە ئەو دەستە کە ویژدانی دەشەمزاند بشکێ
خۆزگە ئەو دڵەی بە بەزیویی و بە تەزیوی هێشتا    بە کلۆ جوملەی ئینسانی دەبوغزاند بشکێ

.... هەموو سەرمایەی ژیانی هێمن لە ئاخر ساڵەکانی تەمەنیدا پەڵە زەوییەک ، مانگا قسرێک و تاقە ماینێک بوو کە جەنجەری کلۆشی پێدەکرد. ماینەکەی کوێخاعەلی لە دیوانەکەی شێخ رەزای مەنشوردا ، لە چاو ماینەکەی هێمن، رەخشی رۆستەم بوو. بەرهەمی ساڵێی هێمنی "دەرەبەگی کورد" و شاعیری میللیی، ئەوەندە نییە کە بتوانێ پێداویستەکانی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی پێدابین بکا.
ئەو کەسانەی بە پێشوازی هێمنەوە چووبوون سەریان بەرداوەتەوە و چاوەروانن کەش وهەواکە بگۆڕێ و هێمن وەخۆیان بگرێ. زۆری پێناچێ، هەڵچوون و گەڤ و کوڵی مامۆستا دادەمرکێ، بەرەبەرە خاو دەبێتەوە و روو لە بەرپرسەکە دەکا و دەڵێ: چات هەیە؟

- بەڵێ کەتری و چادانەکەی کاک عەزیز لەسەر ئاگرە.
هیمن: بڵێ دوو هێلکەم بۆ لە رۆنی بکەن.
- نیسکێنەمان هەیە ئەگەر پێت خۆش بێ.
هێمن: رەشە چێشتم پێخۆشە با هێلکەش هەبێ!
- : بەڵێ.
وردەوردە تاریکایی لە قووڵایی شێو و دۆڵ و دەرە و پێدەشت و لێرەوار، بەرەو بەرزان هەڵدەکشێ.
خەڵکی نواوێ، هاتوونە بەر دەرکی بارەگاکەی حیزب. هێمنیان دەوێ و بیبینن. مام بایزی شوڕای ئاوەدانی بەرەو پیری دەچێ. مام حەسەنی دەشتێوێی لەگەڵە. کاکاللە ئاغای نواوێ و فەقێ عەوڵای تۆپچی، هەموو بە سەرسووڕمانەوە

لێیدەڕوانن. دیارە هەرکام هێمنی  لە زەینی خۆیدا جۆرێک پێناسە کردبوو. بە دیتنی هێمن سەر بەردەدەنەوە. کرنۆشە یان شەرم لەو ئیهانەتە کە بە هێمن کراوە، خۆیان دەیزانن. مام خدری پاشبەرد،  بە نیگەرانییەوە دەڵێ: مامۆستا هێمن،  میوانی حیزبە.  پێشمەرگەیەک بە دیتنی هێمن شاگەشکە بووە و بە دەنگە خۆشەکەی  ئەو  شێعرەی هێمن دەچرێ:

دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە   رق ئەستورترم
لێم دەدا ئەمما لە سەر داواکەم        سورترم
دەمکوژێ ئەمما بە دەم جەللادەکەمدا دێمەوە
کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە،      ناتوێمەوە

هێمن بزەیەکی  لەسەر لێوە و لەشوێنێک دەگەرێ پاڵی پێوە بدا.
ئاوی بۆ گەرم دەکرێ خۆی بشوا. پێیخۆش نییە. بەڵام دەرفەتی پێنادرێ لێی ڕاکا. پیلی دەگرن و دەیبەنە سەر شۆرکە و ئاوی گەرمی بەسەردادەکەن و بە سابوون دەیشۆن. ...
شەوە و مامۆستا هیمن بۆ مانەوە لە لای 27 کەس لە دەستبەسەرکراوەکانی تاقمی حەوت کەسیی دەبێ نێوەساتێک رێ ببڕێ. بەرپرسی کومیسیون وچەند پێشمەرگە تا گوندی دۆڵەتوو لەگەڵی دەچن.  لایەنگرانی گروپی 7 کەسی ( کۆنگرەی 4 ) لە مزگەوتەکەی دۆڵە توو، رضوانی... قادر. ع، مەلابرایم. ح. ، عومەر. ت و جعفر. ش. کە زانیبویان مامۆستا هێمن لەرێدایە، بەرەو پیری دەچن و یەکەیەکە  لەباوەشی دەگرن...
هێمنی ماندوو،  پاش چای خواردنەوەیەکی کورت... جێ و بانەکەی بۆ ڕادەخرێ و دەمێک  دواتر خەو بەلایدادێنێ وخرپ خەوی لێدەکەوێ.
یەکەم شەوی دەستبەسەریی هێمن لە مزگەوتەکەی گوندی دۆڵەتووی گەورکان و لە پەنا ناوەندی حیزب،  کە  بە دۆڵی دێموکرات ناودێر بوو، دەستی  پێکرد...
لەوە بەدوا بەرپرسی کومیسیۆن رۆژی جارێک یان بە دوو رۆژ جارێ دەچێتە لای مامۆستا  هێمن.
هێمن قسەی خۆشە و راوێژی زاری بۆ گێڕانەوە خۆشترە. هەرچیرۆک و بەسەرهاتێ کە



دەیگێڕێتەوە بۆ خۆی قاقا پێدەکەنێ. باسی ئەو نومایشنامانەی کە لە بەغدا بە مێشکی داهاتوون و بۆ مەلا حەسەنی شیوەسەڵیی ، قارەمانی شەڕی ئازادیخوازیی کورد، قوربانیی دەسیسە و تێرۆری کۆماری ئاخوندیی دەیانگێڕێتەوە بە راستی سەرنجراکێشن. لەو نومایشنامە شادیهێنەرانەدا کە بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشان دەدەن، خوێنەر و بیسەر لەگەل کەسایەتیی و تیپی ئەندامان و تایبەتمەندییەکانیان ئاشنا دەبن.  نموونەکانیان  وەکو: ئێعدامی خەیاڵیی بەرپرسانی حیزب لە بە غدا بە دەستوری ناظم گزار،پاش خۆپاراستنی حیزب  لە نووسینی بەیانییە بە دژی سەرۆکایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان، کابینەی ناسرەددینشای قەجەر، دەمەتەقەی مەلارەسول و کەریم حداد، سەفەری پاریس ... ژیانی ئاغایەکی مامەش  و کێشانی رۆژانە 50 جغارە لە ئاودەستی ماڵەکەیدا...  شێعر خوێندنەوە، شەڕەفڕ لەگەل کاک فتاح کاویان و گێڕانەوەی قسەخۆشەکانی و بالۆرەلێدانی لە کاتی گەرانەوە بەرەو مەهاباد، پاش شەڕی سێ مانگە. ئەمانە هەموو جیهانی مامۆستا هێمن و شێوەی ژیانی ئەندامانی حیزب و تایبەتمەندییەکانیان و روانگەیان بۆ مەسەلەسیاسییەکان دەردەخەن.

لە هەموو و ئەو ماوەیەدا کە هێمن دەستبەسەر بوو، هەرگیز گلەی لە کەس نەکرد. تەنیا کەسێکی کە ناخۆشی دەویست مام... بوو. بەوتەی خۆی، زۆری ئازار دابوو. لە هەموو و نومایشنامەکانیدا ناوێکی ... دێنا. شێعری لێخراب کردبوو... ئێرەیی بە خۆشەویستییەکەی بردبوو...
مەلاحەسەنی شیوەسەڵیی خۆش دەویست...
جاروبار تەوس و پللاری هاویشتووەتە کەسانێکی بەرپرس کە لە بەغدا لەگەڵی بوون.
کاتێ کە لە گرتووخانەی حیزبدا بوو درەنگتر لەوانی دیکە لەخەو هەڵدەستا. پاش خواردنی قاوەڵتوون، هەموو لە دەوری وەخڕدەبوون. هەرکام شتێکی لێدەپرسی. جاروبار تەوس و پلاری دەگرتە کارگێرانی حیزب. بۆ خۆشوتن ملی نەدەدا. بەزۆر حەمامیان پێدەکرد. رۆژێک لە دەستی جەعفەر.ش. سکاڵای کرد و گوتی: ئەو جەعفەرە دەستبەردارم نابێ. هەر چەند رۆژ جارێک بەربینگم پێدەگرێ و داوام لێدەکا خۆم بشۆم. ناچم. پیلم دەگرێ و بەزۆر دەمبا. ئەمرۆش ئاوی گرم کردبوو. هات و گوتی دەبێ بمشوا . روتی کردمەوە . هاتووە دەڵێ دەبێ لفکەت لێدەم. دەڵێم، نامەوێ. دەستبەردارم نابێ. دەزانم رزگاربوونم لە دەست ئەو بەڵایە ناکرێ... ناچار دڵێم وەرە بمشۆ! چار نییە زۆر بووە جاشەکەرێ، پیرەکەری خوراندووە...
مزگەوت بووەتە کۆڕی شێعر. هەر کەس کە دەچێتە لای مامۆستا هێمن بە گوڵاو دڵی ئاوپرژێن دەکرێ. دەستبەسەریی هێمن مانگ و نیوێکی خایاند. لەو ماوەیەدا کەس هیچی لێنەپرسی. هەرگیز پەروەندەکەی لەلایەن تەشکیلاتی مەهابادەوە بۆ ناوەندی قەزایی و بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب نەناردرا  و هۆی گرتن و ناردنی دیارییەنەکرا. کومیتەی شارستان دەبوو ئەو کارەبکا. داواکردنەکانی بەشی قەزایی حیزب بۆ ناردنی پەروەندە و دیاریکردنی هۆی گیرانی هێمن بێوەڵام مانەوە.

بەیانی‌یەکی دەمەو پاییز چەند گوللە تۆپی وێڵەکی لەبەر قەدی بەرزاییەکانی دۆڵەتوو تەقینەوە... تۆپی دورئەنگێوی 40 کیلۆمیتریی، دیاریی ئوتریش بۆ کورد! مەترسی ئەوە هەبوو زیان بە دەستبەسەرکراوان بگەیەنێ.
بەرپرسی کومیسیون بەپەلە دەچێتە لای دوکتور شەرەفکەندیی نەمر... لەمەر بوونی هێمن و مەترسیی گیانیی دەدوێ.
دوکتور شەرەفکەندیی دەڵێ: من نازانم هێمنیان بۆچی هێناوە. تاوانی چی‌یە؟... باشە باسی دەکەم با دوکتور قاسملوو بێتەوە. ئاگادارت دەکەم. رۆژی دوایی بەرپرسی کومیسیون دەچێتە لای دوکتور قاسملوو. خەبەری تۆپباران و پێویستیی ناردنەوەی هێمن بۆماڵی خۆی باس دەکا و هۆی هێنان و راگرتنەکەی و...
دوکتور قاسملوو: کەس هیچی لێپرسیوە؟
بەرپرس: چێ لێ بپرسن؟
- لەسەر ئەو راپۆرتانە کە دراون بە دەفتەری سیاسیی. ما... دەزانێ. گوتویە کە" ماڵەکەی کردووەتە شوێنی پەژیوان کردنەوەی پێشمەرگە بۆ کۆماری ئیسلامیی. هەر وەها" جنێودان بە حیزب"
راگەیاندراوەکەی تاقمی مامە غەنی ، ئەو شتە چۆن بووە؟
- کومیتەی شارستان هیچی نەنووسیوە.. مەسەلەکە لە نێوان "راپۆرتچی" واتە ما... و کومیتەی شارستانی مەهابادابووە. کەسیک کە هێناویە لە قەولی بەرپرسی کومیتەی شارستانی مەهابادەوە گوتی: دەفتەری سیاسیی ویستوویە هێمن دەستبەسەر بکرێ و بینێرن. دوکتور شەرەفکەندیی ئاگادار نی‌یە...

ئەوکەسانەی لەگەڵ مامۆستا هیمن بوون دەڵێن: هیمن گۆشەنشین، خەیاڵاتیی، خنکاو لە گزیکاریی و ویژدانکوژیدا نەبوو. هەستیارێکی بێباک و پێشرەوێکی بە جەرگی دژ بە ستەم و نارەوایی بوو. لە رێگای راست کل نەدەبوو. دیفاعی لە ماڤی ئینسانیی هەژاران دەکرد." شیوەنی من شیوەنی ئینسانی‌یە" .
دەیگێرایەوە کە تیروتانە و دورخستنەوە لە کەس و کار و مەرگی پرئازار و ژیانی نائاسایی و مانەوە لە گەڵ خلتە و داقناوی هەڵگری پیسترتین فکری بەشەریی ماکیاولیستیی تاناخی دەروون لە بەغدای بەعس ماندوی کردبوو. بە وتەی خۆی ئەو دەساڵ و سێ مانگ مانەوەی لە گەرمای بەغدا و لە رەهەندە قەبرێکدا، ناچار بە بە جیرانەتیی کەمتیار رەفتاریک لێی ببوو بە بە برینێکیی رووحیی ناسور کە هەرگیز دەرمانی نەکرا.
"ئەگەر بە وتەی ئەفلاتون "فەلسەفە, راز و نیازێک بێ کە روح تێیدا گڕ دەگرێ" و بە نوری شێعریش چۆڵگەی بیرو* خەیال رووناک بکرێ" بەو پێناسەیە، هەژار- هێمن، حاجی قادری کۆیی و جەنابی خانی، وەکو هۆمیر، ئاشیلوس* ئەمپێدۆکلیس[1] شاعیرەیلی فیلۆسۆف بوون. ئەو کەسانە تان و پۆی خەیاڵیان ئاوریشمە ،جۆرێکی دیکەن و تان و پۆیەکەیان جیاوازە. هێمن لە نێو هاورێکانی‌دا تاقانە بوو.
پیاسەکردنێکی دووبەدوویی لە گەڵ مامۆستا هێمن و گوێڕاگرتن بۆ دڵی بە کوڵ و ژانی ناسۆریی لە بێوەفایی سپڵەیی، چاوچنۆکیی و ئەزموونی دژواری دەساڵەی لە بەغدا لە ئاخر دیداری مامۆستا هێمن لەگەڵ بەرپرسی قەزایی حیزب خەمهێنەر بوو.
بەرپرسەکەی حیزب بە شەرمەوە گوێ بۆ سکاڵاکانی هێمن رادەگرێ. هیچکام لە دۆستانی دەورانی هەڵوەدایی هیمن لای لێناکەنەوە، سەری نادەن، پەیامێکی بۆ نانێرن. سپڵەیی و لەخۆبایی بوون و تێرو تەسەلیی باریو لەهەرلاوە، ئازارچێشتوانی برسیی دوێنێی لە هێمن کردووەتە گورگەمێش. سووڕی دەورانە. شانتەکێن و ماستاوکەر و سەماکەرە هەتا هەبێ هەر لەسەرە.

بەرپرسی راسپاردە، پرسیارەکانی دوکتور قاسملوو بۆ مامۆستا هێمن دەگێرێتەوە:...
مامۆستاهێمن لە وڵامدا دەڵێ:
"من د. قاسملووم ناخۆش ناوێ. بەڵام غەنیم لەو خۆشتر دەوێ. دژوێنیشم نەداوە. ئەوانەی لەسەر من گوتراون بووختانن. بوختانکەر و درۆزن لە حیزبدا کەم نین... گوتومە و نایشارمەوە، ئەگەر دوو قاسملوو لە حیزبی دێموکراتدا هەبوایە دووهەمیم لە لا پەسندتر بوو. بەلام چونکە نی‌یە هەر ئەو قاسملووە دەبێ سکرتێری ئەو حیزبە بێ."
لەمەر ئیمزاکردنی بەیانی‌یەی گروپەکەی مامە غەنی وڵامدەداتەوە:
"راستت دەوێ، من مەست بووم، غەنی هات و کاغەزێکی هێنا و گوتی ئیمزای کە! گوتم ئەوە چی‌یە ، گوتی ئیمزای کە ! منیش ئیمزام کرد و لێشی پەژیوان نیم. "
رۆژی دواتر بریاری ناردنەوەی هێمن بۆ ماڵەکەی خۆی دەدرێ.
بەرپرسی قەزایی حیزب بۆ ئاخر جار دەچێتە لای مامۆستا هێمن. لە هەوێڵ دا نی‌یە . نیوە ساتێکی پێدەچێ تا دەگەرێتەوە.
بزەیەکی لەسەر لێوە و بەدەنگە گەرمەکەی بانگ دەکا و دەڵێ: ئەو حیزبە سەیرە، بەدڵی کارگێری شانتەکێن نەبی... شاعیری میللیش بی پوولێک ناکەی...

---

[1] - ماجراهای جاودان در فلسفه هنری توماس. احمد شهسا

بەرپرسی قەزایی حیزب بۆلای مامۆستا هێمن دەچێ و تۆقەیەیەکی لەگەڵ دەکا و بە نەرمیی بە گوێی دا دەچرپێنێ: کاتی هاتووە لە قەولی مەولەویی‌یەوە بێژیی:

ئازیز ! دیارن، وادەی لوامەن
ئەڵوەدای ئاخر ئەوە نامامەن
دەوڵەتەکەی وەصڵ پا نەزەواڵەن
جارێو تەر دیدەن باڵات مەحاڵەن

مامۆستا سەری بەردەداتەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێ:
" بۆ کوێ بچم؟ کوێم دەس دەکەوێ، لێرە خۆشتر بێ؟ شاعیری میللیی کورد زیندانیشی پێ‌ڕەوانابینن، تێیدا پشوویەک بدا. لێرە ئاسودەترم. لانی کەم نان و ئاوێک هەیە و لە تیرو تانە بەدوورم و گوێگرێک بۆ دووقسەی" قۆڕ"

ئەم رۆژانە کە ئەو بەسەر هاتە دەنووسم بیر لەو بوختانە دەکەمەوە کە بۆ هێمنی شاعیری کۆماری کوردستان هەلبەسترابوو. ئەو پرسیارەشم بۆ وەلام نادرێتەوە کە ئەگەر پەژیوانکردنەوەی پێشمەرگەیەک یان چەند پێشمەرگە بۆ کۆماری ئیسلامیی خەیانەت بە نیشتمان بێ، کە هەیە، دەبێ سزای چەککردنی هەموو پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئاشبەتاڵ، بە فیرۆدانی بەرهەمی خوێن و فرمێسک و سامانی ماددی و مەعنەویی 13 ملیون کورد بە پلان و پیلانی کۆماری ئیسلامیی و تاقمێکی خۆبەدەستەوەدەر، بۆ بەرژەوەندیی رێبەرێکی سەیر سیاسیی باشوری کوردستان بە یەک ئیمزا، بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی کورد،بە پێچەوانەی ئەساسنامەی حیزب، بە دژی ئامانجی نەتەوەیی و خەباتی رێبەرانی کورد لە شێخ عوبەییللاوە تا د. قاسملوو د. شەرەفکەندیی وفەوتاندنی دەرفەتی زێڕینی رزگاریی کورد، ساتوسەودای هەموو دەسکەوتەکانی گەل بە جیرە و پارەیەکی مانگانە بۆ پڕکردنی گیرفان و حیسابە کانیان دەبێ چی بێ؟
راگەیاندنی داوای لێبووردن لە هێمن و گەلی کورد، لە بنەماڵەکەی، دۆستان و ئۆگرانی هێمن ، ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی ئەو" قاش"ەیە کە بەرپرسی ئیمزای ئاشبەتاڵ و باقی کارەساتەکانی دیکەیە.
لە مێژووی گەلانی دیکەدا زۆر کەسی بێتاوان هەبوون کە بە پیلانی شۆڤاران لە ژیانی مرۆڤانەیان بێبەش کراون. نموونەکەشی لە فەرەنسەو لە مەسەلەی دریفوس،ئەفسەری تۆپخانەدادەبیندرێ کە بە تاوانی سیخوری خرایە ژێر لێکۆڵینەوە. ئێمیل زۆلا نووسەری بە ناوبانگی فەرەنسیی، بە نووسینی زنجیرە وتارێک لە ژێر سەردێڕی:" من تاوانبار دەکەم" تۆڕی پیلانی ڕەواندەوە و دریفوسی لە سزادان پەڕاندەوە.
کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بیرەوەریی کەسانێک کە بە ساڵان مامۆستا هێمنیان لە نزیکەوە ناسیوە، لەگەڵی ژیاون، شارەزای جیهانی دروونی ئەوبوون، بەتایبەت ئەو بەشە لە ژیانی هێمن کە پێوەندیی بە سەردەمی خەباتی شاعیر لە ریزی پێشمەرگە و حدکاوە هەیە لەلایەک بەشێکە لە مێژووی نەنووسراوەی حدکا و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەدەب و فەرهەنگی کورد بە سودە. بە پێی لوان( ئیمکان) هەوڵ دەدرێ لەبەردا لەزمانی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵیی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حدکا بەشێک لە نومایشنامە و قسەخۆشەکانی مامۆستا هێمن لە دوورخراوەیی دا بە دەنگ بڵاو بکرێتەوە.
2008/3/8
هولەند

پاش نووسین
لەمەوبەریش دوو چەک هەڵگری کۆمەلە دەنێردرێن کە هێمنی شاعیر بە تاوانی" دەرەبەگ بوون" ستەمکاریی دژ بە مەلای دین ودرۆفرۆشی زێدەکەی بگرن.
- نێردراوان( عەلی ک و رەحمان چ) هێمن ناناسن و بە فیزەوە تێی‌رادەخوڕن :
مام دەرەبەگ! شکایەتت لێکراوە، کۆمەلە داوات دەکا!
هیمن:" نایەم مەگەر بەزۆر بمبەن."
- چەکهەڵگرەکان گەڤی لێدەکەن و ڕاپێچەکی دەدەن.
هێمن: کەلەبچەم لەدەست نەکەن نایەم.
دوو دەستی دەبەستن. هێمن لە پێشەوە و ئەوان بە تفەنگەوە لە دوایەوەن. فرمێسکێکی سوێر و کزەڵۆکە بەلا رووومەتیدا شۆردەبێتەوە.
ع. ک بەتەوسەوە دەیدوێنێ:
بۆ دەترسی؟ ناتکوژین، لوشمەلوشمت لە چی‌یە؟
هێمن، تێیان‌ڕادەمێنی. بزەیەکی کاڵ دەکەوێتە سەر لیوی و بە دەنگە گەرمەکەی دەیاندوێنێ:

بەرخم! هێمن و ترس لە مەرگ؟! گوڵی عومری هێمن لە گەمەی مەرگـدا هەڵوەریوە. چونکە ویستوویە کوردیش هەبێ. دەوڵەتی هەبێ و قانوونی خۆی هەبێ. بۆ قانوونشکێنیش زیندانی هەبێ. ئێستا کە دەبینێ ئاواتی وەدی هاتووە، چۆن لە خۆشیان  روندکی شادیی لە دیدەی ڕۆنەڕژێ؟ دەمێک رادەوەستێ  و  هەژارگوتەنی لەبەرخۆیەوە دەڵێ:  "بەڵام زۆری پێویستە کە شەل دەرچێ لە زەل.." ئەوانە و گەورەگەورەکانیان  بۆ ترک و عەجەم، ناپیاوی عەرەب هەر بارەبەرن، کەری سواربوونن. لیخوڕە بابڕۆن!
دوو هێلکەی دووڕاو چاوێک لەیەکتر دەکەن و یەکیان ئێژێ:
"هاهوو پیرەدەرەبەگ، ناسیۆناڵییشە!! "
لەسەردەمیی دەستتەنگیی و نەداریی یەکەی هێمن و  بێئەمەگیی و سپڵەییەکەی حدکا  بۆ هێمنی  شاعیری میللیی، لە لایەن کەسایەتییەکی خاوەن بڕیاری کۆمەڵەوە، گوایە چەکێکی "یوزی" بۆ هێمن دەنێردرێ. هێمن وەریناگرێ و بە نووسینی سوپاسنامەیەک  ئەو چەکە، بۆ ئەوکەسایەتییە دەنێرێتەوە.







پەیکەرەی داتاشراوی مامۆستا هێمن و هەژار

وێنەکان:
1- دوکتور قاسملوو
2